ساڵح موسلیم: سەرکردەکانی پێکەکە بانگەوازەکەی ئۆجەلان بە چەك دانان جێبەجێ ناکەن

ساڵح موسلیم، ئەندامی دەستەی سەرکایەتی پارتی یەکێتیی دیموکرات (پێدە) ڕایگەیاند، سەرکردەکانی پێکەکە بانگەوازەکەی ئۆجەلان بە چەك دانان جێبەجێ ناکەن، بەبێ دیراسەکردن و لێکۆڵینەوەیەکی ورد، دەشێت، "ئەگەر هەڵکارەکانی هەڵگرتنی چەک نەمان ئەوا دایدەنێین، بەڵام هەشتا پێویستمان بە چەک هەیە".

ساڵح موسلیم، ئەمڕۆ پێنجشەممە لە لەدوانەکدا لەبارەی پێیامەکەی عەبدوڵا ئۆجەلان، ڕەبەری زیندارنیکراوی پێکەکە لە بارەی چەکدانانەوە ڕایگەیاند، "سەرکردەکانی پێکەکە بانگەوازەکەی ئۆجەلان جێبەجێ ناکەن، بەبێ دیراسەکردن و لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە ئەنجامەکانی. هەروەها دەبێت چاوەڕێی بەیاری کۆنگرەی پێکەکە بکەن بە ئەو مەبەستە".

ئاماژە بەوەشکرد، "ئەگەر ڕێگەمان پێبدرێت کاری سیاسی بکەین، پێویست بە چەک ناکات، ئەگەر هەڵکارەکانی هەڵگرتنی چەک نەمان ئەوا دایدەنێین. بەڵام ئەمە هەشتا پێویستمان بە چەک هەڵگرتن هەیە، لەگەڵ دوبارەبوونەوەی هەرشەکانی تورکیا".